## مانگرتنی  پەنابەرانی ئیتوپی دەستی پێکرد

پەنابەرە ئیتوپیەکان دەستیان کرد بە مانگرتن سەرە لە بەیانی ئەمرۆ پەنابەرانی ئیتوپی دەستیان کرد بە خۆپیشاندانێکی بەر فراوان دژ بەیاساکانی پەنابەری و ڕەتکردنەوەی داواکانیان هەروەها پەنابەران پێیان وایە کێسەکانیان بەشێوازێکی نایاسای و نامرۆڤانە هەڵنەسنگێندراوە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی  وڵاتی نەرویج خۆپیشاندانەکە بە 400 هاوڵاتی مەزندە دەکرێت بەپێ وەتەی میدیاکان .

لەکاتی خۆپیشاندانەکەدا 100 پەنابەر بۆ داکۆی کردن لەمافەکانیان و بۆ بەدەست هێنانی مافی پەنابەری رویانکردە یەکێک لە کەنسەکانی ناوشاری ئۆسلۆی پایتەخت بۆ مەبسەتی مانەویان و مانگرتن لە خۆراک لە ناو کەنیسەکەدا .




نوێ نەری کەنەیسەکە رایگەیاند کە بەشێکی زۆر لە مانگران پێکهاتون لە ژن و مندڵ . وتی  هەرچەندە جێگایەکی تەواومان نیە بۆ ئەو پەنابەرانە وەک دەبینرێت گەنج و پیاوەکان لەبەردەم کەنیسەکەدا وەستاون .

بەرێوەبەرایەتی کۆچ ئاماری پەنابەرانی ئیتوپی ئاشکرا کرد کە لە ساڵی 2010 دا رویان کردۆتە وڵات و دوای پەنابەریان کردوە ژمارەی داوکارانی ئیتوپی 566 پەنابەربوە لەکۆی ئەو ژمارەیە 314 کێس بە نەگەتیف وەڵامی وەرگرتوە دوایان لێکراوە وڵاتەکە بەجێبهێڵن .

بەلای پەنابەرانی ئیتۆپیەوە پێشێل کاریەکی زۆر کراوە لە کیسەکانیدا و بەشێوەی کۆمەڵ ڕەفتارکراوە لە کاتی هەڵ سەنگاندنی کێسەکاندا بۆیە داوا دەکەن جاریکی تر بەبریارێکی فەرمی چاو بخشێندرێتەوە بە کێسەکانیان و بەشیوەی کۆمەڵ هەڵ سەنگاندن نەرکێت لە کاتی داوکانیاندا.

هەروەها ئەوەی کە بووە مایەی بێزاری و توترەبونیان تاکو دەست بکەن بەمانگرتن هۆیەکەی دەگەرێتەوە بۆ زەوت کردنی مۆڵەتی کارو نەبونی پسولەی باج تاکو بەشێوەیەکی یاسی کار بکەن و بژێوی ژیان دابین بکەن لەم کاتەدا پتر 17000 پەنابەر مافی مانەوەیان



نیه له وڵاتی نەرویج له هەمان کاتیشدا پەنابەرانی کورد بێ بەش نین لەوه . پتر له 2000 پەنابەری کورد مافی مانەوەیان نیەوه و مۆڵەتی کارکردنیان بۆ تازه نەکراوەتەوه بێ پسولەی باج کەوتونەتەوه وێرای ئەوەی هیچ شانسێک لەبەردمیاندا نیه بەڵام نا چالاکن و به هیچ چالاکیەک هەڵناسن بۆ داواکرنی مافەکنیان ئەوەی شایەنی باسه تاکو ئێستا چەند جارێک خۆپیشاندان و چالاکی جیاواز سازکراوه بۆیان بەڵام ئەفسوس خۆیان بەشدار نەبون لەگەڵماندا ..

لێروه دوا له تەواوی ئەو پەنابەرانه ئەکەیین ئامادە باشێ خۆیان دەربرن لەم کاتەداو پشتیوانی بکەن له ئیتوۆپەکان و خۆیان نزیک بکەنەوه تاکو هاوبەشی بکەن لەم چالاکیەی که ئێستا له ئارادایه..

موف کۆمیته 7.2.2011